بەدوای روخاندنی دەوڵەتی بەعسدا:

# دەرفەتێکی نویٚ بۆ چارەسەری کێشەی نێوان عێراق و باشووری کوردستان

رەفیق سابیر

سەرەنجام ساتی حەقیقەت، لەوپەڕی درەوشانەوەیدا، خۆی دەرخست. درندەترین دەوڵەت و دەسەڵاتی سیاسیی ئەم سەردەمە، دەوڵەتی بەعس، بە خۆی و هەموو دەزگاکانییەوە هەرەسیان هێنا. عێراقی دوای بەعس، لە هەر شتێک دەچێت، وڵات و دەوڵەت نەبێت؛ ڕژێمی بەعس بە جۆرێک کۆمەڵ و دەوڵەت و هەموو دەزگاکانی دەوڵەتی بە خۆیەوە بەستبوونەوە کە دوای ڕوخانی خۆی، عێراقی وەک بۆشاییەکی سیاسی و ئیداری، وێنەی وێرانەیەکی گەورەی مادی و رۆحی بەجیٚ هێشت. ئەمەیش عاقیبەتی دەوڵەتی ئایدیۆلۆژیا و حیزب و بەحیزبیکردنی دەزگاکانی دەوڵەت پێشان دەدات. بۆیە وەک چۆن روخاندنی دەوڵەتی بەعس، لە ئێستادا، بەبیٚ هێزی عەسکەریی ئەمریکا و هاوپەیمانانی کارێکی مەحاڵ بوو، ئەوا دامەزراندنەوەی دەزگاکانی دەوڵەت و بەڕێوەبردنی عێراق و گۆڕینی بۆ دەوڵەتێکی دیموکرات، بەبیٚ بەشداربوون و کۆمەکی ئەمریکا و هاوپەیمانانی، یان نەتەوەیەکگرتووەکان، کارێکی سەخت دەبێت.

ڕوخاندنی دەوڵەتی بەعس نمونەی دیاردەیەکی نویٚ، دیاردەی روخاندنی دەوڵەتێکی دیکتاتۆری بە زەبری هێزی دەرەکی، پێشان دەدات. ئەم دیاردەیە، لە ئاستی عێراقیدا، دەیسەلمێنێت کە کۆمەڵی عێراق (وەک زۆرینەی کۆمەڵانی ڕۆژهەڵاتی نێوین) نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی پێشکەوتنی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی کە بە هێزی خۆی، بتوانێت خۆی لە دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری ئازاد بکات. بەلای زۆریشەوە بەبیٚ کۆمەکی دەرەکی نازانێت چی لەم ئازادییەی بکات و چۆن بەکاری بهێنێت؛ واتا ناتوانێت دیموکراتانە دەوڵەتەکەی لەسەر ئەساسی قانوون و مافی هاووڵاتیبوون و یەکسانبوونی نەتەوە و مەزهەب و کولتوورەکانی دروستبکاتەوە.
بۆیە بەدیموکراتیکردنی عێراقیش (ئەگەر سەر بگرێت) وەک ڕوخاندنی دەوڵەتی بەعس، ئەزموونێکی نوێی بەدیموکراتیکردنی دەوڵەتان و وڵاتان ، بە هۆی توانا و کۆمەکی دەرەکی، لە ناوچەکەدا دەخاتە ڕوو. لە هەمان کاتدا ئەم دیاردەیە مۆدێلێکی نوێی شەڕ، شەڕی سەردەمی جیهانگیری، پێشان دەدات کە سنووری جوگرافیایی وڵاتێک و ناوچەیەک دەبەزێنێت و، سروشتێکی جیهانی بەخۆی دەگرێت، بیٚ ئەوەی شەڕێکی جیهانی بێت بە مانا زانراوەکەی، بیٚ ئەوەی قوربانییەکی مرۆیی زۆریشی پێویست بێت.

بەلای زۆرەوە شەڕەکانی سەدەی بیستویەکەم شەڕی ناوچەیی نابن، بەڵکو بە گشتی لەم جۆرە شەڕانە دەبن و سروشتێکی جیهانییان دەبێت. کێشە ناوچەییەکان، لەبەر ئەوەی مەترسی بۆ جیهانێک دروست دەکەن کە بە دەیان شێوەی پەیوەندیی ئابووری، سیاسی، کولتووری و زانیارییەوە پێکەوە بەستراوەتەوە، گەمارۆ دەدرێن، بە شێوەی دیپلۆماسی، یان لە ڕێگای فشاری سیاسی و ئابوورییەوە چارەسەر دەکرێن. شەڕەکانی داهاتوو، لە هەر ناوچەیەکی دنیادا روو بدەن، لە رووی هۆکاری هەڵگیرسانیان و لایەنە هاوبەشەکانیانەوە، لە رووی لایەنگران و بەرهەڵستکارانیانەوە، لە ڕووی ئامانج و ئەنجامەکانیانەوە بە گشتی سروشتێکی جیهانییان دەبێت. ئەم شەڕانە لە ناوەرۆکدا یان لە دژی ئەو لایەن و دەوڵەتانە دەبن کە لە ڕێگای تیرۆر، شەڕفرۆشی و چەکی کۆمەڵکوژییەوە، مەترسی بۆ ئاسایش و ئارامیی ناوچەیی و جیهانی، بۆ ئاساییشی نەتەوەیی دوورمەودای ئەمریکا و هاوپەیمانانی دروست دەکەن. یاخود لەوانەیە بەو ئامانجە بن کە ئەو کۆمەڵ و دەوڵەتە داخراوانەی دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری و شەڕانی لە دنیا و کەشوهەوای سیاسیی جیهانی دابڕیون ناچاری کرانەوە بکرێن و تێکەڵ بە ڕەوشی جیهان و سیستمی سیاسیی جیهان ببن. چونکو رەفتار و کرداری ئەم دەوڵەتانە، تەنیا پەیوەندییان بە دۆخی وڵاتەکانیانەوە نابێت، بەڵکو کار لە دۆخی وڵاتانی دی و سیستمی سیاسیی جیهان دەکەن. لە جیهانێکی پێکەوە گرێدراودا ئەم جۆرە دەوڵەتانە لە هەر ناوچەیەکی جیهان بن، چەند گەمارۆ بدرێن و کەمتوانا بکرێن هێشتا دەتوانن ببنە مایەی هەڕەشە و نائارامی و جۆشدانی تیرۆر، دەتوانن لە بازاڕی ئاواڵەی جیهاندا چەکی کۆمەڵکوژ دەست بخەن و بڵاوی بکەنەوە، یان خۆیان دژی هەر لایەنێک بیانەوێت بەکاری بهێنن.

شەڕی ئەمریکا و هاوپەیمانانی لەگەڵ عێراق دەیسەلمێنێت کە ئێمە تەنیا لەبەردەم جۆرە شەڕێکی نوێدا نەوەستاوین، بەڵکو لە هەمان کاتدا لەبەردەم جیهانێکی نوێشدا وەستاوین؛ جیهانێک کە ڕێسا و دەستوورە

سیاسییە نێودەوڵەتییەکانی، کە پەیوەندیی نێوان وڵاتان ڕێک دەخەن، کۆن بوون و ژەنگیان هێناوە. بنەماکانی پەیوەندی و زەمینەی هاوپەیمانی نێوان وڵاتان و دەوڵەتان ئاڵوگۆڕی زۆریان بەسەردا هاتوون. بۆیە دەبێت چاو بە زۆر لەم ڕێسا و دەستوور و بنەمایانەدا بگێڕدرێتەوە. هەندێک ڕێسا و دەستوور، کە لە سیاسەتی جیهانیدا بوونەتە قانوون وئاینی دەوڵەتان، دەبێت وەلا بندرێن. لە جیاتییان هەندێک ڕێسا و دەستووری نوێ جێگایان بگرنەوە. قەیرانی کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە گرفتی عێراق (پێشتریش سەبارەت بە کوشتاریی ڕواندا و سێربرینیتسا) سەلماندیان کە ئەم ڕێکخراوە جیهانییە، ناتوانێت بەم دەستوور و یاسایەی ئێستای و بەو میکانیزمی کارکردنەیەوە بەردەوام بێت، یان لە پاراستنی ئاسایشی جیهاندا، کە بە هانەی دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوەیە، بەکار بێت. ئەو دەستوور و ڕێسایانەی نەتەوە یەکگرتووەکان دەربارەی ئاسایشی جیهانی دایناون بۆ ئیمڕۆ دەست نادەن. لە جیهانی ئیمڕۆدا مەسەلەی مافی مرۆڤ بۆتە بەشێک لە ئاسایشی هەر وڵاتێک و جیهان. لەمەولا کۆمەڵەی نەتەوەیەکگرتووەکان ناتوانێت، بەپێی یاسا و دەستوورەکەی، سەرداریی نەتەوەیی ئەو دەوڵەتانە بپارێزێت کە مافی مرۆڤ پێشێل دەکەن. بە واتایەکی دی دەوڵەتان لەمەو دوا ناتوانن بە ناوی مافی سەرداربوون (ئەلسیادە)ی نەتەوەییەوە، کە دەستوور و یاسای کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆیانی دەستەبەر کردووە، چۆنیان بوێت حوکمڕانی خەڵکەکانیان بکەن، سنووری ئازادی و مافەکانیان دیاری بکەن و بەکۆمەڵ لەناویان بەرن، چونکو عاقیبەتی ئەم کارانە هەڕەشە لە ئاسایشی ناوچەیی و جیهان دەکەن. یان هەندێک دەوڵەت ناتوانن مۆدێلی ئایدیۆلۆژیی خۆیان، بە زەبری تیرۆر و ئاژاوە نانەوە لە ناوچەی دیکەدا بڵاو بکەنەوە، یاخود هەر جۆرە چەکێکیان بوێت بەدەستی بخەن. ئەم جۆرە دەوڵەتانە، بە هۆی گەلەکۆمەکێی جیهانی و بە زەبری هێزی عەسکەریی دەرەکی پەلامار دەدرێن و دەڕوخێندرێن، یان لە ڕێگای گەمارۆدان و فشاری ئابووری، سیاسی و دیپلۆماسییەوە دەگۆڕدرێن، بێ ئەوەی دەستوور و هێزی کۆمەڵەی نەتەوەیەکگرتووەکان بتوانن بە هانایانەوە بێن.

لەم دۆخە جیهانییە نوێیەدا سەرلەنوێ بەرژەوەندی و ئامانجەکان، لەسەر ئاستی وڵاتان و جیهان، پۆلێن دەکرێنەوە. دۆست و هاوپەیمانان، بە پێی بەرژەوەندیی نوێ، ئامانجی نوێ و دوژمنی نوێ دیاری دەکرێنەوە. گرفتی ناتۆ و کێشەی نێوان ئەندامانی یەکێتیی وڵاتانی ئەوروپا (کە زۆربەیان ئەندامی ناتۆن) سەبارەت بە شەڕی ئەمریکا و هاوپەیمانانی لەگەڵ عێراق لێرەوە سەرچاوە دەگرن. ناتۆ وەک یەکگرتنێکی سیاسی/ عەسکەری بۆ ڕوو بەڕووبوونەوەی مەترسیی دوژمنێکی هاوبەش (سۆڤیەت و کۆمۆنیزم) دروست بوو. ئیمڕۆ ئەم دوژمنە هاوبەشە نەماوە و ئەمریکا بۆتە تاکە زلهێزی جیهان، ناتۆ ناتوانێت بە پێی ستراتیژیی یەکگرتووی جارانی بەڕێوە بچێت. بەشێک لەو وڵاتانە دەیەوێت بە هاوکاری و هاوپەیمانیی لە گەڵ ئەمریکادا کار بۆ ئامانج و بەرژەوەندییەکانی خۆی بکات، بەشێکی دیکەیان دەیەوێت بە جیا لە ئەمریکا، لەگەڵ هەندێکی وڵاتی تردا ناوەندێک (قوتب)ێکی دی پێک بهێنێت. لە هەمان کاتدا ئەمریکا لە دەرەوەی ناتۆ و یەکێتی وڵاتانی ئەورووپادا بۆ هاوپەیمانانی نوێ دەگەڕێت. لە ڕاستیدا نزیکەی هەموو ئەو جۆرە ڕێکخراو و هاوپەیمانییە سیاسیانەی لە دوای شەڕی دووەمی جیهانەوە دروست بوون (ڕێکخراوی وڵاتانی بێلایەن، ڕێکخراوی یەکێتیی ئەفریقا و کۆمەڵەی وڵاتانی عەرەبی) لە قەیرانی جیدی دان و لە واقیعدا نیمچە فەلەج بوون.

ئەگەر دەوڵەتانی شەڕخواز و داخراو و مەترسی تیرۆریزم، بە تایبەتی تیرۆریزمی فوندەمێنتالیزمی ئیسلامی و دەستخستن و بڵاوکردنەوەی چەکی کۆمەڵکوژ هەڕەشەیەکی جیهانی بن بۆ سەر ئارامی و ئاسایشی دنیا و بۆ سەر بەرژەوەندی و ئاسایشی دوورمەودای ئەمریکا و هاوپەیمانانی، ئەوا دەشێت هەر گۆشەیەکی دنیا، لە ئەمریکا و ئەوروپاوە بۆ ئەفگانستان و پاکستان و بەغدا، لە چیاکانی تۆرابۆراوە بۆ چیاکانی هەورامان ببنە سەرچاوەی ئەم هەڕەشەیە. پێشگرتن لەم هەڕەشانە هاوپەیمانانی جۆراوجۆر و نوێی گەرەکە. ئەو لایەنانەی بتوانن لەم کارەدا بەشدارییەک بکەن حیسابیان بۆ دەکرێت و شوێنێک، بچووک یان گەورە، لەو هاوپەیمانییە نوێیەدا دەگرن. بۆیە ئەمریکا و هاوپەیمانانی، لەم ئامانجەیاندا، بەدوای دۆست و هاوپەیمانانی نوێدا دەگەڕێن. لە کاتێکدا هەندێک لە وڵاتانی ناتۆ ودۆستی ئەمریکا، بە هۆی بەرژەوەندیی تایبەتییانەوە، دەشێت لە هەندێک حاڵەتدا بکەونە دەرەوەی ئەم جۆرە هاوپەیمانییە و تەنانەت ببنە مایەی گرفت (بۆنموونە هەڵوێستی هاوبەشی فەڕەنسا، ئەڵمانیا و بەلجیکا سەبارەت بە شەڕی عێراق) کەچی هەندێک وڵاتی دی و لایەنی نوێ، بە پێی شوێنی جوگرافیایان و ئەو ڕۆڵەی دەتوانن بیگێڕن، دەبنە لایەنێکی ئەم جۆرە هاوپەیمانییە نوێیە.

لە سەردەمی جیهانگیریدا، کە سەرداریی نەتەوەیی دەوڵەتان و وڵاتان لاواز بووە و بەرەو نەمان دەچێت و وڵاتان ناچار بە کرانەوە دەکرێن، مەرج نییە ئەم دۆست و هاوپەیمانانە تەنیا دەوڵەتان بن، بەڵکو دەشێت بەشێک لە نەتەوە بێ دەوڵەتەکانیش بن. ئەم نەتەوانە، کە تا ئێستا زۆربەیان نە مافیان بووە و نە هیچ شوێنێکیان لە پەیوەندییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکاندا پێدراوە، دەشێت ببنە لایەنێکی گرنگی ئەو

هاوپەیمانییە نوێیە. بۆیە سەیر نییە دەوڵەتێکی وەک تورکیا، کە پەنجا ساڵە دوای ئیسرائیل تاکە دۆست و هاوپەیمانی ستراتیژی و بەردەوامی ئەمریکا بووە، پەنجا ساڵە بە کۆمەکی ئابووری، سیاسی و عەسکەریی ئەمریکا و ناتۆ خۆی ڕاگرتووە و شەڕی کوردی کردووە، بەڵام لە شەڕی ئەمریکا و هاوپەیمانان لەگەڵ دەوڵەتی عێراقدا بەشدار نابێت و تەنانەت کۆسپ و گرفتی گەورەیان بۆ دروست دەکات، کەچی کورد دەبێتە لایەنێکی ئەم هاوپەیمانییە. بە ڕای من ئەم حاڵەتە بە گشتی و هەڵوێستی تورکیا و هۆکار و ئەنجامەکانی بە تایبەتی، باس و لێدوانی زۆر هەڵدەگرن. دیارە ئێرە جێگای ئەم باسە نییە، بەڵام لێرەدا دەکرێت بە کورتی بگوترێت کە تورکیا لە بەرامبەر مەترسی سۆڤییەتدا بایەخێکی زۆری سیاسی و ستراتیژی بۆ ئەوروپای ڕۆژئاوا و ئەمریکا پەیدا کرد. چونکو بەشێک بوو لە بەرەی ئەمریکا و ڕۆژئاوا دژی یەکێتیی سۆڤیەت، کە دوژمنی هاوبەشی هەموویان بوو. تورکیا بە بارێکدا چەپەرێک بوو لەبەردەم مەترسیی بڵاوبوونەوەی کۆمۆنیزم و نفوزیی سیاسیی سۆڤیەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بە بارێکی دیکەدا تورکیا، کە سنوورێکی فراوانی لەگەڵ سۆڤیەتدا هەبوو، کرابوو بە نزیکترین پێگەی سەربازیی ئەمریکا و ناوەندی چاودێری و موخابەراتیی ئەمریکا لە دژی سۆڤیەتی هەڵوەشاوە. ئیمڕۆ ئەمریکا و هاوپەیمانانی، لە جیهان و ناوچەکەدا، ستراتیژێکی نوێیان هەیە، کە لە هەندێک لایەنەوە بە قازانجی تورکیا نییە. پیادەکردنی ئەم ستراتیژە لە ڕۆژهەڵاتی نێویندا دۆست و هاوپەیمانی نوێی گەرەکە، کە دەشێت لەسەر حیسابی تورکیا بێت. لە هەمان کاتدا گۆڕینی دەوڵەتانی ئیستیبدادی لە ناوچەکەدا دەرفەتێکی بچووک یان گەورە بە کورد دەدات کە هەوایەکی ئازادی هەڵمژێت. جیهان ناتوانێت و مەجبووریش نییە کە خۆی لەگەڵ سیاسەتی تورک بەرامبەر بە کورد و ئایدیۆلۆژیای کەمالیزمدا بگونجێنێت، ئەوە تورکیایە گرفتی خۆی هەیە و دەبێت و مەجبوورە خۆی لەگەڵ ڕەوشی سیاسیی دنیادا بگونجێت. دیارە تورکیا لە هەندێک ڕووەوە هێشتا گرنگی خۆی دەمێنێت، بەڵام ئەگەر کۆمەک بەو گۆڕانکارییانە نەکات کە دوای ڕوخاندنی دەوڵەتی بەعس، چاوەڕێ دەکرێت لە ناوچەکەدا روو بدات، هەروا ئەگەر سیاسەتی خۆی بەرامبەر بە کورد نەگۆڕێت زەحمەتە بتوانێت وەک شەریک و هاوپەیمان بەشداریی جیددی بکات. بایەخ و گرنگی سیاسی و عەسکەریی تورکیا، لە داهاتوودا، تا ڕادەیەکی زۆر دەوەستێتە سەر ئەو ڕۆڵە سیاسی و عەسکەرییەی لە ناو ئەم ستراتیژە نوێیەدا دەیگێڕێت.

2

ئەمریکا و هاوپەیمانانی، بە روخاندنی دەوڵەتی عێراق، شانازی لەناوبردنی یەکێک لە دڕندەترین ڕژێمی ئەم سەردەمەیان پێ براوە. ئەوان بە دڵنیاییەوە بۆیە ئەم کارەیان کردووە تا عێراق لە وڵاتێکی داخراوەوە بۆ وڵاتێکی کراوە، لە سەرچاوەیەکی شەڕ و تیرۆر و هەڕەشەوە بۆ وڵاتێکی ئارام و دۆستی درێژخایەنی خۆیان بگۆڕن. بۆیە، تا ئەو جێیەی دەتوانن، هەوڵ دەدەن شێوەی حوکمڕانی و چارەنووسی سیاسیی عێراق بە شێوەیەک دابڕێژنەوە کە کۆمەک بەم ئامانجانەیان بکات و هەڕەشە بۆ بەرژەوەندی و ئاساییشی نەتەوەیی دوورمەودایان دروس نەکات.

بەڵام بەڕێوەبردن و دروستکردنەوەی عێراق، زۆر لە داگیرکردنی سەختترە؛ لە سەردەمی ئیمڕۆدا هیچ دەوڵەتێک ناتوانێت، بە شێوەی کۆلۆنیالی جاران، تاسەر وڵاتێک داگیر بکات و ڕاستەوخۆ بەڕێوەی ببات. هەروا عێراق وڵاتێکە کە مەرجەکانی وڵاتی تێدا نییە و بە زەبری ستەم و ڕەشەکوژی و بەربەریزم ڕاگیراوە. لەبەر ئەوە ئەگەر ئەمریکا و هاوپەیمانانی بیانەوێت کۆمەک بە دروستکردنی عێراقێکی نوێ و ئارام بکەن، کە نە زیندانی گەلەکانی بێت و نە هەڕەشە بۆ بەرژەوەندی و ئاساییشی ئەوان و ناوچەکە دروست بکات، پێویستە چارەسەرێکی واقیعیانە و دیموکراتانەیان بۆ گرفتەکانی گەلانی عێراق هەبێت، تا ساڵانێکی دی، بە شێوەیەک لە شێوەکان، خۆیان کۆنترۆڵی ڕەوشی سیاسی و سەرپەرشتی شێوەی چارەسەری گرفتە نەتەوەیی و مەزهەبییەکانی عێراق بکەن.

گۆڕینی ڕژێمی سیاسیی عێراق بەلای زۆرەوە سەرەتای دیاردەیەکە کە چاوەڕوان دەکرێت لە وڵاتانی دیکەی ناوچەکەدا، بە زەبری هێزی سەربازیی، یان بە هۆی فشاری ئابووری و سیاسییەوە، دووبارە ببێتەوە. بۆیە ئەوەی لە عێراقدا ڕوو دەدات پرۆڤە و ئیمتیحانێکە بۆ وڵاتانی دیکەی ناوچەکە، یاخود ئیمتیحانێکە بۆ نیاز و ئامانجی ئەمریکا و هاوپەیامانانی لە ناوچەکەدا. ئەوان بە دڵنیاییەوە لە نموونەی عێراقدا دەتوانن، دیارە ئەگەر بیانەوێت، پێشانی بدەن کە بە ڕاستی دەیانەوێت گەلانی ناوچەکە لە ستەمی دەوڵەتانێکی دیکتاتۆری و ستەمکار، کە یان دەوڵەتی ناسیۆنالیستیی شۆڤێنی و ئاینی و مەزهەبین، یان دەوڵەتی خێڵ و بنەماڵەیەکن، ئازاد بکەن و ئەو وڵات و کۆمەڵە داخراوانە بکەنەوە و تێکەڵاوی ڕەوشی سیاسی، ئابووری و کولتووریی جیهانیان بکەن. بۆیە ئەوەی لە عێراقدا ڕوو دەدات و بە ئەنجام دێت، بە باری پۆزەتیڤ یان نێگەتیڤدا تەنیا پەیوەندیی بە عێراقەوە نابێت بەڵکو، تا ڕادەیەکی زۆر، پەیوەندیی بە ناوچەکە و وڵاتانی دوورتریشەوە

دەبێت. هەر بەم بۆنەیەوە دەتوانین بڵێین کە شێوەی چارەسەری پرسی کورد لە عێراقدا دەشێت ببێتە نموونەیەکی چارەسەری پرسی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستاندا.

هێزی هاوپەیمانان بەسەر وڵاتێکدا کەوتوون کە شەڕ و ستەم و فاشیزم گۆڕیویانە بە وێرانەیەکی بێ سنووری مادی و ڕۆحی. لە ماوەی 35 ساڵی حوکمڕانی بەعسدا چەند نەوەیەک پێگەیشوون کە جگە لە کولتووری بەعس و مۆراڵی بەعس و شێوەی حوکمڕانیی بەعس شتێکی دیکەیان نەدیوە. لە لایەکی دیکەوە عێراق خۆی جوگرافیایەکی سیاسییە نەک کۆمەڵ و نەتەوە، یان گەلێکی هاوئاهەنگ. وەک وڵات لەسەر ئەساسی زەمینەی هاوبەشی ئێتنیکی، کولتووری و ڕابردووی هاوبەشی مێژوویی دروست نەبووە. تا ئێستایش، لە نێوان خەڵکەکانیدا، هەستی هاوچارەنووسی و زەمینەی هاریکاریی نەتەوەیی و توانای پێکەوەهەڵکردنی نەتەوەیی، کە مەرجی دەوڵەتی مۆدێرنن، پێک نەهاتوون. بۆیە ئاساییە ئەگەر خەڵکانی جۆراوجۆری عێراق لە کاتێکدا لە کۆمەڵێک مەسەلەدا هاوئامانج و هاودەردبن، کەچی لە زۆر مەسەلەدا بەرژەوەندیی جیاواز و ئامانجی جیاوازیان هەبێت. ئەم جیاوازییانەیش تەنیا لە نێوان گەلی کورد و گەلی عەرەبی عێراقدا نین، بەڵکو تەنانەت لە نێوان گەلی عەرەبی عێراق، شیعەکان و سوونەکانیشدا هەن.

گەلی عەرەبی عێراق، بە هۆی جیاوازی مەزهەبی و ڕابردووی مێژوویی و ستەمی حکومەتە سوننە مەزهەبەکانی عێراق (بە تایبەتی ڕژێمی بەعس) بەرامبەر بە خەڵکی شیعەی عێراق، هاوئاهەنگی و تەبایی نەتەوەیی تێدا دروست نەبووە. تا ڕادەیەکی زۆر لە دوو کۆمەڵە خەڵکی جیاواز دەچن، کە خەون بە دوو دنیای جیاواز و داهاتووی جیاوازەوە ببینن. ئەگەر ناسیۆنالیزمی عەرەبی و یەکبوونی عەرەب و پانعەرەبیزم بۆ عەرەبە سوننەکانی عێراق مەسەلەیەکی گرنگ بێت، ئەوا ئەم مەسەلانە بۆ عەرەبە شیعەکانی عێراق مەسەلەی سەرەکی نیین. بۆ زۆربەی شیعەکان مەسەلەی ئازادیی مەزهەبی و دەسەڵاتی سیاسی، پێش هەر مەسەلەیەکی دیکە دێن. بۆ زۆریان هاریکاریی نەتەوەیی و هەستی ئینتیمای هاوبەش و هاوچارەنووسی و تەنانەت چەمکی وڵات، پێش ئەوەی لە زمان و ئاین و دەزگای قانوونی و لەو جوگرافیایەی کە ناوی وڵاتی لێ نراوە سەرچاوە بگرن، لە ئینتیمای مەزهەبی و ڕابردووی مێژوویی هاوبەشەوە سەرچاوە دەگرن. لێرەدا مەزهەب، کە هۆکاری عەزابی ئەوان و ستەملێکردنیان بووە، خۆی دەبێتە ئەو فەزا ڕۆحی و وڵاتە هاوبەشەی کە هەستی هاوچارەنووسی و زەمینەی پێکەوەهەڵکردن و هاریکاریی نەتەوەیی دەستەبەر دەکات. وڵات لەجیاتی ئەوەی خاک و سیستمی حوکمڕانی و ئاڵا و ئەو دەزگا یاسایی و مەدەنییانە بێت کە ناسنامە و ماف و ئازادی و یەکسانیی نێوان مرۆڤەکانی دیاری دەکات، دەشێت ئەو فەزا ڕۆحی و سایکۆلۆژی و سیاسییە بێت کە بە سنوور و جوگرافیایەکی تایبەتەوە نەبەستراوەتەوە. لێرەدا چەمکەکانی وڵات، ماف و داد، ئازادی و یەکسانیبوون و تەنانەت مرۆڤ خۆی ناوەڕۆکێکی سیاسی- مەزهەبی وەردەگرن.

هێزە سیاسییە شیعەکانی عێراق بە پەیوەندی لەگەڵ ئازادبوونی گەلانی عێراق لە دەسەڵاتی بەعس و بەرژەوەندیی ئەواندا هەڵوێست لە هاتن و مانەوەی ئەمریکا و هاوپەیمانانی بۆ عێراق وەرناگرن، بەڵکو پێش ئەمە بە پەیوەندی لەگەڵ مەسەلەی ئاینی و بەهێزبوونی دەسەڵاتی سیاسی و مەزهەبیی خۆیان لە عێراقدا هەڵوێست وەردەگرن. لە هەمان کاتدا ئەم هێزانە لە ڕووی سیاسییەوە لە ژێر تەئسیری شیعەکانی دەرەوەی عێراق (بە تایبەتی ئێران)دان. ڕێبازی سیاسیی ئەم هێزانە بەرامبەر بە ئەمریکا و هاوپەیمانانی، بەرامبەر بە داهاتووی سیاسیی عێراق و شێوەی حوکمڕانی لە عێراقدا، دەشێت تا ڕادەیەکی زۆر لە ژێر تائسیری ئێران و ناوەندی دیکەی شیعەدا بێت. دیارە خەڵکی شیعەی عێراق لە ڕووی سیاسییەوە یەکگرتوو نین. ئەوان ئێستا بەسەر سێ ناوەندی سیاسی/ئاینیدا دابەش بوون: ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی، حیزبی ئەلدەعوە و حەوزەی عیلمییەی نەجەف، کە مەرجەعی ئاینیی شیعەکانە. جیاوازیی سیاسی و کێشەی دەسەڵات لە نێوان ئەم سێ لایەنەدا شتێکی شاراوە نییە. بەڵام ئەوان لە بەرامبەر مەسەلەی مانەوەی ئەمریکا و هاوپەیمانانی لە عێراقدا تا ڕادەیەکی زۆر هاوئامانجن، ئەمەیش ڕەنگە کێشە و ناکۆکیی نێوانیان، تا سەردەمێکی دی، دوا بخات.

ئاشکرایە بەشێکی هێزە سیاسییە شیعەکان واقیعبینانە بیر دەکەنەوە و بەو ئەنجامە گەیشتوون کە ناتواندرێت مۆدێلی ئێران (کۆماری ئیسلامی) لە عێراقدا کۆپی بکرێتەوە. کەچی بەشێکی دیکەیان بە تەواوی چاویان بڕیوەتە مەسەلەی دەسەڵات و سەپاندنی دەسەڵاتی حەوزەی عیلمییە بەسەر گەلانی عێراقدا. بە ڕای من چەند هێزە سیاسییە شیعەکانی عێراق هەوڵ بدەن قورسایی سیاسی بە مەزهەب و ناوەڕۆکی مەزهەبی بە دەوڵەتی داهاتووی عێراق بدەن، چەند بیانەوێت هەڵوێست و بەرژەوەندیی سیاسیی هێز و لایەنەکانی دیکەی شیعە لە ناوچەکەدا (لە پێش هەموویانەوە کۆماری ئیسلامی ئێران) لەبەرچاو بگرن هێندە لە هاریکاریی ئەمریکا و دۆستایەتیی ڕۆژئاوا و پرینسیپەکانی دیموکراسی دوور دەکەونەوە. هەروا دەشێت بە هەمان

ئەندازەیش ببنە کۆسپی چارەسەری کێشەی نێوان عێراق و گەلی باشووری کوردستان و پێش بە خواستی ئازادیخوازانەی کورد بگرن.

بەڵام خەڵکی عەرەبی سوننەمەزهەبی عێراق بە پەیوەندیی لەگەڵ کۆمەڵێک مەسەلەی نێوخۆیی و ناوچەیی هەڵوێستی خۆیان، بەرامبەر بە مانەوەی هێزی ئەمریکا و هاوپەیمانانی لە عێراقدا، دیاری دەکەن. ئەوان چەند بتوانن ڕازی نابن دەسەڵاتی پێشوویان، کە لە مێژووی دروستکردنی دەوڵەتی سوننەمەزهەبیی عەرەبیی عێراقییەوە هەیان بووە، بە تەواوی لە دەست بچێت و ملکەچی دەسەڵاتی سیاسیی شیعەکان بکرێن. هەروا عەرەبە سوننەکانی عێراق، پەیوەندییەکی سیاسی، مەزهەبی و کولتووریی راستەخۆیان لەگەڵ وڵاتانی عەرەبیدا هەیە. هەڵوێستی سیاسی و بزاڤی سیاسیی ئەو وڵاتانە کاریان تێ دەکەن. ئەگەر دوێنێ بەعس و ناسیۆنالیزمی عەرەبی عێراق، کە نزیکەی هەموو ڕابەر و بەرپرسە دەسەڵاتدارەکانی لە عەرەبە سوونییەکان بوو، هاندەر و ئیلهامبەخشی بزاڤی سیاسی و ناسیۆنالیستیی زۆربەی وڵاتانی عەرەبی بووبێت، ئەوا ئیمڕۆ ناسیۆنالیستان و بەعسییە عێراقییەکان، کە تێکشکێندراون، چاو دەبڕنە ڕێبازی سیاسی و کۆمەکی بزاڤی سیاسیی وڵاتانی عەرەبی، کە بە گشتی بزاڤێکی ناسیۆنالیستی/ئیسلامییە. بۆیە بزاڤی سیاسیی سوننەکانی عێراق لەژێر کارتێکردنی ڕەوشی سیاسیی وڵاتانی عەرەبیدا فۆرمی نوێ دەگرێت. بە پەیوەندی لەگەڵ هەڵوێستی ئەمریکا و هاوپەیمانانی بەرامبەر بە خۆیان و گەلانی عەرەب، لە پێش هەموویانەوە لە مەسەلەی فەلەستین، هەڵوێست و ڕێبازی خۆی دیاری دەکات.

بەهێزبوونی هێز و نفووزی سیاسیی شیعەکان لە عێراقدا، ڕێبازی ئیسلامی سیاسیی سوننەمەزهەب لەناو سوونییەکانی عێراقدا بە هێز دەکات، بە واتایەکی دی دیاردەی ئیسلامی سیاسیی شیعەمەزهەب دژە دیاردەکەی خۆی لە عێراقدا، لە شێوەی ئیسلامی سیاسیی سوننەمەزهەب دێنێتە بەرهەم. عەرەبە سوننەکانی عێراق ناتوانن بە ئایدیۆلۆژیای تێکشکاوی ناسیۆنالیزمی عەرەبی لە بەرامبەر هێزە سیاسییە شیعەکاندا ڕاوەستن و تایبەتمەندی و خواستی سیاسیی خۆیان دەربڕن، بەڵکو ئەوان بە ئایدیۆلۆژیای ئاینیی سوننیی یان بە عەلمانییەت دەتوانن ئەم کارە بکەن.

بەڵام عێراق دەیان ساڵە خەڵتانی کولتووری خوێن و ستەم ڕەشەکوژی کراوە. کولتووری ڕۆشنگەری و دیموکراتی و عەلمانییەت و لیبرالیزم لە عێراق (تەنانەت لە زۆربەی وڵاتانی عەرەبیدا) لاواز و تێکشکێندراوە، هەروا لەبەر ئەوەی خیتاب (دیسکۆرس)ی ئیسلامی سیاسیی (سوننەمەزهەب) لە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیدا بەهێز و زاڵە ، بۆیە بەلای زۆرەوە تەوژمێکی ئیسلامی سیاسیی سوننەمەزهەب، بە ناوەرۆکێکی قەومییەوە، لە عێراقدا دەردەکەوێت. ئەوان بە چەکی ئیسلام و مەزهەب هەم لە بەرامبەر ئیسلامی سیاسیی شیعەکاندا هەم لە بەرامبەر ئەمریکا و هاوپەیمانانیدا خۆیان دەردەبڕن. ئەم دوو لایەنە ئیسلامییە سیاسییە ڕەنگە لەبەرامبەر دوژمنێکی هاوبەشدا (کە بۆ ئەوان هەم داگیرکەر و هەم کافرە) هەروا تا ڕادەیەکی زۆر لە بەرامبەر شێوەی چارەسەری پرسی کورددا، هاوکار و تەبا بن، بەڵام لەسەر مەسەلەی دەسەڵاتی سیاسی و شێوەی حوکمڕانی لە عێراقی داهاتوودا ناتەبا و پێک ناکۆک دەبن. لە هەموو حاڵەتێکیشدا ئەوان، لە ڕێگای ئایدیۆلۆژیای ئیسلام و ئیسلامی سیاسییەوە ڕەنگە بتوانن خوێنێکی نوێ بەبەر بەشێکی ئەو هێزانەدا بکەنەوە کە تا دوێنێ سەرەڕمی دەوڵەتی بەعس و بنەمای جەماوەریی هێزی بەعس بوون.

هەرێمی عەرەبیی عێراق لەبەردەم کۆمەڵێک کێشەی سەرەکیدایە : کێشەی بەدیموکراتیکردنی دەوڵەت و عەلمانییەت، کێشەی سیاسیی مەزهەبیی نێوان عەرەبە شیعەکان و سوننەکان، کێشەی نێوان هەردووکیان لەگەڵ ئەمریکا و هاوپەیمانانی لە عێراق و تەنانەت یەکبوونیان لە بەرامبەر پرسی کورددا. ئەم کێشانە بە هەر لایەکدا بشکێنەوە ڕاستەوخۆ کار لە پرسی کورد و کێشەی نێوان عێراقی عەربی و باشووری کوردستان دەکەن. دیارە بوونی هێزی ئەمریکا و هاوپەیمانان لە عێراقدا دەتوانێت پێش لە دەسەڵاتی ئیسلامیی سیاسی بگرێت و کۆمەک بە پرۆسێسی بەدیموکراتیکردنی دەوڵەت و کۆمەڵی عێراق بکات، لە هەمان کاتدا دەشێت دەرەتانی زیاتر بۆ چارەسەری پرسی کورد بڕەخسێنێت. بەڵام مەرج نییە دیموکراتی، کە حەتمەن ڕەنگ و شێوەی کۆمەڵی عێراق دەگرێت، بتوانێت پرسی کورد بە جۆرێکی ڕەوا و بە پێی پرینسیپی مافی خۆبڕیاردانی چارەنووسی گەلان چارەسەر بکات. هەروا ئەزموونی ئەلجەزایر سەلماندی، کە لەو کۆمەڵانەی کولتووری دیموکراتی، سیستەمی چەسپاوی دادوەری و چاودێری و دەزگاکانی کۆمەڵی مەدەنییان تێدا نین، دەسەڵاتی دەزگانی ئایین و هێزی کۆنخوازی دژ بە پێشکەوتن و مافی ژنان بەهێزن، پرۆسێسی دیموکراتی تووشی گرفت دەبێت، دەشێت دیموکراتی لە دژی خۆی بەکار بهێندرێتەوە؛ زۆرایەتییەک کە باوەڕی بە دیموکراتی نییە، لە ڕێگای دیموکراتی و هەڵبژاردنی ئازادەوە دەسەڵات دەگرێتە دەست و دیکتاتۆریای خۆی بەسەر کۆمەڵدا دەسەپێنێت.

بە ڕای من گرفتی سیاسیی خەڵکی هەرێمی عەرەبی عێراق، تا چەندان ساڵی دی، مەسەلەی دیموکراتی نابێت، بەڵکو پێش هەرشتێک، مەسەلەی نان و کار و ئاساییش و چوونەدەری هێزی هاوپەیمانان لە عێراق و کێشەی دەسەڵات دەبێت؛ کێشەی نێوان زۆرایەتیی شیعە و کەمایەتیی سوننە و نێوان ناوەندەکانی دەسەڵاتی سیاسی/ مەزهەبیی هەر کام لەم دوو لایەنە، کێشەی نێوان ئەم دوو لایەنە و هێزە عەلمانی و لیبرال و دیموکرات و ئەو گروپ و لایەنە سیاسی و کۆمەڵایەتییانەی کە دواتر خۆیان ڕێک دەخەن و چاو دەبڕنە بەشداربوونی دەسەڵاتی سیاسی، کێشەی نێوان نزیکەی هەموویان (یان زۆربەیان) و گەلی باشووری کوردستان؛ بەو پێیەی ئەم کێشەیە، بە بۆچوونی هەموویان، لە دوا ئەنجامیدا هەڕەشە لە یەکپارچەیی "خاکی عێراق" دەکات.

لەم دۆخە سیاسییە ئاڵۆزەدا نابێت ئەو گریمانەیە بە دوور بگیرێت کە لەوانەیە کێشەی نێوان هێزە عەرەبییە ئیسلامییەکان (بە هەردوو لابالییەوە) لەگەڵ هێزی ئەمریکا و هاوپەیمانان توند ببێت. درەنگ یان زوو شێوەی بەرەنگاربوونەوەی جەماوەری و تەنانەت چەکداری وەربگرێت. یان بە بارێکی دیکەدا ڕەنگە ناکۆکی و شەڕ بکەوێتە نێوان هێزە سیاسییە ئیسلامییەکان (شیعەکان و سوننەکان). ئایا لە هەر کام لەم حاڵەتانەدا هێزە سیاسییەکانی کورد چ هەڵوێستێک وەردەگرن؟ ئەوان شوێنی خۆیان و کورد لە کام بەرەدا دەبین؟ ئەی خەڵکی کوردستان شوێنی خۆی لە کام بەرەدا دەبینێت؟

لەبەر ئەم هۆکارانە و هی تریش، هێزە کوردستانییەکان، کە ئێستا لە بە دیموکراتیکردنی عێراقدا چالاکانە (بگرە زیاد لە وزەی خۆیان) دەیانەوێت بەشدار و بەکار بن، نابێت چارەنووسی کورد و چارەسەری پرسی کورد تەنیا بە چارەنووسی عێراق و بە مەسەلەی بەدیموکراتیکردنی عێراقەوە ببەستنەوە. هەشتا ساڵە کورد گرەو لەسەر ئەم مەسەلەیە دەکات، کەچی جگە لە ستەم و جینۆساید شتێکی دیکەی دەست نەکەوتووە. دیارە ئێستا دۆخێکی سیاسیی نێوخۆیی و جیهانیی تەواو جیاواز ڕەخساوە، بەڵام لەگەڵ ئەمەیشدا ئەم هێزانە دەبێت بیر لە دەرەتان و شێوەچارەسەری دیکەیش بکەنەوە. لە هەمان کاتدا پێویستە گریمانەی تێکشکانی پرۆسێسی دیموکراتی لە عێراقدا، چەند گریمانەیەکی لاواز بێت، لەبەرچاو بگیرێت. بە بۆچوونی من پرسی کورد لە عێراقدا زۆر لەوە گەورەتر و ئاڵۆزترە کە تەنیا لە ناو بازنەی دیموکراتی بۆ عێراقدا و گرەوکردن لەسەر بەدیموکراتیکردنی عێراق بەند بکرێت.

گەلی باشووری کوردستان، لەگەڵ گەلی عەرەبی عێراق لە دوو دۆخی جیاوازدان و دوو جۆرە گرفتی جیاواز و دوو ئامانجی جیاوازیان هەیە. عەرەبی عێراق مافی خۆیانە کام شێوەژیان و کام جۆرە حوکمڕانی هەڵدەبژێرن، بەو مەرجەی لەسەر حیسابی ماف و چارەنووسی گەلی کوردستان نەبێت. بەشداربوونی کورد لە بە دیموکراتیکردنی عێراقدا ئەگەر شانبەشانی چەسپاندنی مافی خۆبڕیاردانی چارەنووسی کورد نەبێت وەک کات بەفیڕۆدان و دەرفەت لەدەستدان دەچێت. باشە ئەوەیش لە یاد نەکەین کە کورد نەک بەم کێشە نێوخۆییەی ئێستایەوە، بەڵکو تەنانەت ئەگەر یەکگرتوویش بێت، ڕەنگە کاری گەورەی بۆ بە دیموکراتیکردنی عێراق لە دەست نەیەت. ئەگەر کورد نەتوانێت خۆی یەک بخات و دیموکراتانە گرفتە نێوخۆییەکانی خۆی، کە هەڕەشە لە هەر دەستکەوتێکی نەتەوەیی دەکەن، چارەسەر بکات چۆن دەتوانێت عەرەبی ناوچەکانی عێراق، کە کێشەی سەدان ساڵەی مەزهەبی لەتی کردوون یەک بخات! نامەوێت بڵێم بۆ ئەوان یەک بخات، بەڵام دەپرسم؛ کێ گەرەنتی دەدات کە ئەم یەکخستنە و ئەو هێزەی بە هۆیەوە دەهێندرێتە بەرهەم، لە ئەنجامدا، دژی کورد و بۆ داگیرکردنەوەی کوردستان بەکار ناهێندرێتەوە؟

لێرەدا مەبەست ئەوە نییە گەلی کوردستان خۆی لە پرسی سیاسیی عێراق و گریمانەی بەدیموکراتیکردنی دەوڵەت و کۆمەڵی عێراق دابڕێت. بەڵام ئەگەر قسە لەوەبێت کورد لە ناو چوارچێوەی عێراقدا بمێنێتەوە دەبێت دەسەڵات لە عێراقدا دابەش بکرێت، کورد لە دەوڵەتی داهاتووی عێراقدا ئەو دەسەڵاتەی هەبێت کە پێش لە دەرکەوتنەوەی دیکتاتۆریا و ستەمی نەتەوەیی و شەڕی دەوڵەتی عێراق بگیرێت. یان لەم بارەیەوە گەرەنتییەکی جیهانی پێ بدرێت. لەم حاڵەتەشدا دەبێت لەسەر دوو مەسەلەی بنەڕەتی پێ دابگرێت؛ پێکهاتی دەوڵەت و سیستمی حوکمڕانی لە عێراق، میکانیزم و شێوەی پەیوەندیی نێوان گەلی کوردستان و دەوڵەتی عێراق:

دەوڵەت و شێوەی حوکمڕانی لە عێراقدا هەمیشە دەوڵەتی کەمایەتییەکی عەرەبی سوننی بووە، کە لە هەردوو ئاستی ناسیۆنالیستیی عەرەبی دژ بە کورد و، ئاستی مەزهەبیی دژ بە شیعە کاری کردووە. لەبەر ئەوەی سوننە عەرەبەکانی عێراق، وەک هێز و پێگەی دەوڵەتی عێراق، لە رووی جوگرافیاییەوە کەوتوونەتە ناوچەکانی نێوان کورد و شیعەوە، تەماسیان لەگەڵ هەردوو لادا بووە و توانیویانە ڕاستەوخۆ دەستیان بە هەردوو لادا بگات. دەوڵەتی عێراق، بەم سروشت و ئامانجانەیەوە، تەنیا لە ڕێگای دەسەڵاتێکی سێنترالی

بەهێز و دەزگایەکی بیرۆکراتیی بەکار و سوپایەکی دڕندەوە توانیویەتی وەزیفەکانی خۆی بەجێ بهێنێت، دەسەڵاتێکی تۆتالیتێریی خەسڵەت فاشی دابمەزرێنێت و کولتووری سیاسیی خۆی بسەپێنێت. بەبێ ئەم شێوە حوکمڕانییە دەسەڵاتی کەمایەتیی سوننەمەزهەبی عەرەب نەیدەتوانی بەردەوام بێت. ئەم دەسەڵاتە، لە ڕەوشی چڕبوونەوەی سروشتیی خۆی و شەڕی کورد و شیعەدا گۆڕدراوە بۆ دەسەڵاتی گروپێکی عەسکەری یان سیاسی، لەوێشەوە بۆدەسەڵاتی خێڵ و بنەماڵەیەک و سەرەنجام بۆ دەسەڵاتی موتڵەقی تاکەکەسێک. قەیرانی دەوڵەتی عێراق لەم ناکۆکییەوە سەرچاوەی گرتووە کە لە نێوانی پێکهاتی فرەنەتەوەیی و فرەمەزهەبیی کۆمەڵی عێراق و نێوان سروشتی دەوڵەت و دەسەڵاتی سیاسیدا هەیە. بۆیە پێویستە دەوڵەتی داهاتووی عێراق بە جۆرێک دابڕێژرێتەوە کە ئەم ناکۆکییە چارەسەر بکات. شێوەی حوکمڕانی و ستروکتووری دەوڵەت لە عێراقدا دەبێت بە شێوەیەکی نوێ و دیموکراتانە و لەسەر ئەساسی ئازادیی مافی چارەنووسی گەلەکانی دابڕێژرێنەوە. لەبەر ئەوەی هێز و مەترسی عێراق لەوەدایە کە تەواوی دەسەڵات و توانای ئابووریی عێراق لە بەغدا کۆبۆتەوە، دەبێت عێراق بگۆڕدرێت بە دەوڵەتێکی فرە ناوەندیی دەسەڵات. بە هەمان شێوە سامانی عێراق و داهاتی ئابووریی عێراق لە نێوان هەرێمەکاندا (هەرێمی کوردستان و هەرێمی عەرەبیی شیعە نشین و هەرێمی عەرەبیی سوننەنشین) بە پێی ژمارەی دانیشتوانی هەر هەرێمێکیان دابەش بکرێت. بە ڕای من تایبەتمەندیی عێراق لەوەدایە کە یان بە هۆی دەسەڵاتێکی ناوەندیی دیکتاری و خەسڵەت فاشییەوە دەتواندرێت حوکمڕانی بکرێت، یاخود بە هۆی دەسەڵاتێکی ناناوەندی دیموکراتەوە، کە لەسەر ئەساسیی یەکگرتنێکی ئازادانەی نێوان هەرێمی کوردستان و هەرێمی عەرەبی عێراق بێت، بەم مانایە ڕێکخستنەوەی پەیوەندیی نێوان هەرێمی عەرەبی عێراق و باشووری کوردستان لەسەر ئەساسی کۆنفیدرالی زۆر واقیعیترە و بە قازانجی گەلانی هەردوو هەرێمەکەیە.

3

لە گەڵ ڕوخاندنی دەسەڵاتی بەعس سەرەتای بەرهەڵستکاریی بەشێکی خەڵکی عەرەبی عێراق بەرامبەر بە هاوپەیمانان دەستی پێکردووە. لەوانەیە ئەم بەرهەڵستکارییە گەمارۆ بدرێت و لاواز بکرێت، بەڵام دەبێت ئەو گریمانەیەش بەدوور نەگیرێت کە ئەم بەرهەڵستکارییە فراوانتر ببێت و تەنانەت شێوەی چەکدارانەیش وەربگرێت. بە ڕای من زۆربەی عەرەبەکانی عێراق، لەبەر کۆمەڵێک هۆکاری ئایینی، مەزهەبی، نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی، ڕەنگە خۆیان لە سەنگەری بەرهەڵستکاریی هێزی ئەمریکا و هاوپەیماناندا ببیننەوە. ئەمریکا و هاوپەیمانانی، بە پێی پێوەری عەرەبی و ئیسلامی دژی عەرەب و ئیسلام و دۆستی ئیسرائیلن. بە پێی پێوەری نیشتمانیی عێراقییش، بۆ ئەوان داگیرکەرن و یادوەریی ڕۆژانی کۆلۆنیالیزمی بریتانی دێننەوە یاد. ئەمریکا و هاوپەیمانانی، بەلای زۆرینەی خەڵکی عەرەبەوە، هاتوون دەسەڵاتی سیاسی لە عەرەبی عێراق زەوت بکەن و بە پێی بەرژەوەندیی خۆیان جۆری حوکمڕانی و بەڕیوەبردنی ئیداری لە عێراقدا بڕیار بدەن. شەپۆلی دژایەتیکردنی ئەمریکا و ڕۆژئاوا لە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیدا، کە ئیسلامییەکان، لیبرالەکان ناسیۆنالیستە عەلمانی و کۆمۆنیستەکانیشی ڕاپێچی خۆی کردووە، دەرفەتێکی ئەوتۆ بۆ زۆرینەی عەرەبی عێراق ناهێڵێتەوە کە تاسەر هاریکاریی ئەمریکا و هاوپەیمانانی بکەن. بۆیە لە هەرێمی عەرەبی عێراقدا مەسەلەی دەرچوونی لەشکری هاوپەیمانان دەبێتە داخوازییەکی سیاسیی گرنگ و تەنانەت ڕەنگە شێوەی بزاڤێکی بەهێزی ئەنتی ئەمریکایی و ڕۆژئاوا وەربگرێت. ئەم بزاڤەیش دەشێت لە مانگرتن و خۆپێشاندانەوە تا کاری چەکداری/ تیرۆریستی بگرێتەوە. بۆیە ئاسان نابێت بۆ هێزە عەرەبییە عێراقییەکان، بە وانەیشەوە کە بە کۆمەکی ئەمریکا توانیویانە جێگایەک لە نەخشەی سیاسیی عێراقدا بگرن، داوا بکەن هێزی ئەمریکا و هاوپەیمانانی لە عێراقدا بمێنێتەوە.

بەڵام لە کوردستاندا دۆخەکە تەواو جیاوازە. گەلی باشووری کوردستان لەم مەسەلەیەشدا لە گەلی عەرەبی عێراق جیا دەبێتەوە. کورد هیچ بەرژەوەندییەکی لە دژایەتی هێزی ئەمریکا و هاوپەیمانانیدا نییە. بوونی ئەوان لە عێراقدا دەسەڵات لە کورد زەوت ناکات. ئەگەر کورد، لە مێژووی لکاندنییەوە بە عێراق، ئازادییەکی بووبێت ئەوا تەنیا لەم دە ساڵەی دواییدا و لە سایەی پارێزگاریی هێزی ئەمریکا و هاوپەیمانانەوە بووە. ئەو پێشوازییە گەرمەی خەڵکی کوردستان لە لەشکری ئەمریکای دەکەن، ئەو ئارامی و ئاساییشەی لە باشووری کوردستاندا بۆ سەربازەکانی ئەمریکا هەیە، لە هیچ شوێنێکی دیکەی عێراق و وڵاتانی ئیسلامیدا نمونەیان نییە. ئەمەیش پێشانی دەدات کە کورد ئەمریکا و هاوپەیمانانی وەک ڕزگارکەر نەک داگیرکەر سەیر دەکات. بە بۆچوونی من لە کاتی ئێستا ئەمریکا و کورد لە عێراقدا (دەتوانم ئیدیعا بکەم کە لە کوردستاندا بەگشتی) کۆمەڵێک بەرژەوەندیی هاوبەشیان پێکەوە هەیە و پێویستییان بەیەکتری هەیە. ئەمریکا، ئەگەر بیەوێت دەتوانێت کورد لە ستەمی نەتەوەیی و شەڕی دڕندانەی شۆڤێنیزمی عەرەبیی عێراق و هی تریش بپارێزێت. لەم حاڵەتەدا گەلی کوردستان ئەمریکاییەکان و هاوپەیمانانی لە کوردستاندا بە پارێزەر و بە گەرەنتییەکی ئارامی و ئاسایشی خۆی دەزانێت. لە بەرامبەر ئەوەدا گەلی کوردستان دەتوانێت بەرژەوەندی و ئاساییشی

دوورمەودای ئەمریکا لە ناوچەکەدا بپارێزێت، ڕەوایی بە بوونی لە عێراقدا بدات و داوای مانەوەی بکات. بۆیە پرس و ئامانجی سیاسیی کورد لەم مەسەلەیەدا لەگەڵ پرسی زۆرینەی خەڵکانی عەرەبی عێراقدا بە تەواوی لێک جیاوازن. بوونی ئەمریکا و هاوپەیمانانی لە عێراق و کوردستاندا زەمانەتێکی گەورەی پاراستنی کوردە لە ستەم و شەڕفرۆشی عێراق و دەوڵەتانی ناوچەکە. بۆیە ئەگەر لایەنێکی سیاسیی کورد، لە کاتی ئێستادا، داوای دەچوونی هێزی هاوپەیمانان لە عێراق یان لە کوردستان بکات گەمە بە چارەنووسی کورد دەکات. لە وەیش گرنگتر هیچ هێز و لایەنێکی کوردی مافی سیاسی، قانوونی و ئەخلاقیی نییە کە بە ناوی کوردەوە ئەم داوایە بکات.

ئیمڕۆ گەلی باشووری کوردستان لە مەترسی دەرەکی (دەوڵەتی عێرا ق و هێزە ئیقلیمییەکان) دەربازی بووە، کەچی هێشتا مەترسیی نێوخۆی هەڕەشەی لێ دەکات. بە ڕای من مەترسی جیددی بۆ سەر کورد و پرسی کورد، لە ئێستادا، لە نێوکورد خۆیدایە؛ کێشەی نێوان هێزەکان و نەبوونی ستراتیژێکی نەتەوەیی یەکگرتوو دەتوانن لە دوو ئاستدا کورد تووشی شکست و لەتبوون بکەن: ئاستی داواکاریی نەتەوەیی کورد و شێوەی چارەسەری کێشەی نێوان کورد و دەوڵەتی عێراق، ئاستی هەڵوێست وەرگرتن لە بەرامبەر مانەوە یان نەمانەوەی هێزی ئەمریکا و هاوپەیمانان لە عێراق و کوردستاندا.

لە مێژووی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە تا ئێستا یەکەمین جارە کە هەموو ناوچەکانی باشووری کوردستان لە دەسەڵاتی دەوڵەتی داگیرکەری عێراق ئازاد کراون و کورد دەسەڵاتی بەسەر ئەو ناوچانەدا دەڕوات. هەروا یەکەمین جارە لە بەغدا و عێراقدا شتێک نییە ناوی دەوڵەت و دەسەڵاتی سیاسی بێت. هەموو ئەو توانا و هێزە سیاسی، ئابووری، عەسکەری و پۆلیسییانەی دەوڵەتی عێراق بەهۆیانەوە توانیبووی کورد سەرکوت بکات هەرەسیان هێناوە. ئیمڕۆ دەوڵەتی عێراق هەر بە ناو ماوە. ئەم دۆخە نوێیە بە هۆی تێکشکانی عێراق لە شەڕی هاوپەیماناندا هاتۆتە پێش. دیارە لایەنی سەرکەوتوو، تا ئەو جێیەی دەتوانێت، دەیەوێت مەرجەکانی خۆی بسەپێنێت و زۆرترین بەرهەمی سەرکەوتنەکەی بچنێتەوە.

گەلی باشووری کوردستان بەشێکی گرنگی ئەو هاوپەیمانییەیە کە شەڕەکەی بردۆتەوە. ئەمە یەکەمین جارە کورد لەبەرەی سەرکەوتوواندا بێت. کورد، وەک هەر لایەنێکی ئەم بەرەیە، هەقی خۆیەتی دەستکەوتی سیاسیی خۆی لەم شەڕەدا هەبێت، بێ ئەوەی ئەم دەستکەوتە لەسەر حیسابی خاک و مافی گەلی عەرەبی عێراق بێت. ئەم دەستکەوتەیش دەبێت، پێش هەر شتێک، لە شێوەی چارەسەری سیاسیی پرسی گەلی باشووری کوردستاندا بەرجەستە ببێت. گەلی باشووری کوردستان ئازادانە لە هەموو ناوچەکانی خۆیدا، لە پێش هەموویانەوە شاری کەرکووک، حوکمرانی خۆی بکات، ئازادانە چارەنووسی سیاسیی خۆی، بەو شێوەیەی بەرژەوەندیی نەتەوەیی دەخوازێت، مانەوە یان جیابوونەوە لە عێراق، بڕیار بدات. بۆیە دەبێت هێزە سیاسییەکانی کوردستان خۆیان دەستپێشخەر بن، تێز و پرۆگرامی یەکگرتووانە دەربارەی چارەسەری کێشەی نێوان کوردستان و عێراق بخەنە ڕوو. دۆخی ئێستا سەد لە سەد لە دۆخی پێش شەڕ و سەردەمی دەوڵەتی بەعس جیاوازە. ئێستا کورد تەنیا لە هەڕەشە و مەترسیی دەوڵەتی بەعس ڕزگاری نەبووە، بەڵکو تا ڕادەیەکی زۆر هەڕەشە و مەترسیی دەوڵەتە ئیقلیمییەکانیشی لەسەر کەم بۆتەوە. هێزی ئەمریکا ئەو دەوڵەتانەی پاسیڤ کردووە. بۆیە ناکرێت داخوازی و ئامانجی کورد لە کاتی ئێستادا هەمان داخوازی و ئامانجی پێش شەڕ بن. خۆبەستنەوە بە فیدرالییەتێک، کە ناوەرۆکە نەتەوەییەکەی و سنووری دەسەڵاتە سیاسییەکەی ڕوون نییە، ئەوە دەگەیەنێت کە ئەم دۆخە سیاسییە نوێیەی ئێستا نە بە جۆرێکی سیاسییانە لەبەرچاو دەگیرێت، نە هەوڵ دەدرێت بەشداربوونی کورد لە شەڕی هاوپەیماناندا دژی عێراق بۆ دەستخستنی دەستکەوتی نوێی سیاسی و نەتەوەیی بەکار بهێندرێت. ئەو دەستکەوتە نەتەوەییەی ئیمڕۆ کورد دەتوانێت داوای بکات و بە توانای خۆی و تەنسیق لەگەڵ هاوپەیمانان بەدەستی بێنێت سبەینێ، بەلای زۆرەوە، ناتوانێت نیوەی ئەو دەستکەوتە بە وتوویژ لەگەڵ دەوڵەتی داهاتووی عێراق بەدەست بهێنێت.

شەڕی نێوان هاوپەیمانان و عێراق گەلی کوردی کردە ئەکتەرێکی سیاسیی ناوچەیی. لە هەمان کاتدا پرسی کوردی، لە باشووری کوردستاندا، لە مەسەلەیەکی نێوخۆیی عێراقەوە گۆڕی بۆ مەسەلەیەکی جیهانی. عێراق خۆی لە لایەن لەشکری هاوپەیمانانەوە دەستی بەسەردا گیراوە. لەرووی عەسکەری و سیاسییەوە هێزی هاوپەیمانان (بە تایبەتی ئەمریکا) کۆنترۆڵی دەکەن و بەلای زۆرەوە چەند ساڵێک بەم جۆرە دەمێنێتەوە. ئەمریکا و هاوپەیمانی (تا ڕادەیەکیش کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان) ڕاستەوخۆ بەشداری چارەسەری گرفتەکانی کۆمەڵی عێراق دەکەن و ڕەوشی سیاسیی وڵاتەکە دیاری دەکەن. ئەمەیش لە لایەکەوە کورد لە ستەم و شەڕفرۆشتنی دەوڵەتی داهاتووی عێراق دەپارێزێت، لە لایەکی دیکەوە چارەنووسی سیاسیی کورد و کێشەی کورد لە عێراقدا لە دەست دەوڵەتی عەرەبیی عێراق دەردەهێنێت، کۆمەڵە ئەکتەرێکی دەرەکی و جیهانی تێکەڵ

بە کێشەکە و شێوەی چارەسەرکردنی دەکات. لەم دۆخەدا دەکرێت چارەسەری پرسی کورد بە گەرەنتییەکی جیهانی پشتئەستوور بێت. ئەگەر کورد بە شێوەی چارەسەری کێشەکەی لەگەڵ عێراقدا رازی نەبێت، دەتوانێت داوا لە هاوپەیمانان، یان نەتەوەیەکگرتووەکان بکات کە ڕاگیری لە کوردستاندا بکەن، تا گەلی باشووری کوردستان، وەک هەر گەلێکی دیکەی دنیا، دەرفەتی پێ بدرێت کە ئازادانە ئاینده و چارەنووسی سیاسیی خۆی بڕیار بدات.

تا ئێستا هەوڵ دراوە پرسی کورد و کێشەی نێوان کورد و دەوڵەتی عێراق بەپێی پارسەنگ (بەلانس)ی هێز چارەسەر بکرێن. لەبەر ئەوەی هیچ جۆرە هاوتاییەک لە نێوان هەردوو لایەندا نەبووە، کێشەکە ئاڵۆزتر و خوێناویتر بووە. هەموو ئەو ڕێگاچارەسەرانەی چ لە لایەن دەوڵەتی عێراق و هێزە سیاسییە ئۆپۆزسیۆنەکانی عێراقەوە، یان لە لایەن نوێنەرانی سیاسیی کوردەوە پێشنیار کراون، لە ناوەرۆکدا بە پەیوەندی لەگەڵ پارسەنگی هێز و دەسەڵاتدا بوون، نەک بە پەیوەندی لەگەڵ هەق و دادپەروەری و مافی یەکسانبوون. لایەنی عێراقی، لە دەوڵەتەوە بۆ قوربانییانی دەوڵەت، خۆی لە کورد بە بەهێزتر زانیوە، هەموو وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی و زۆرینەی وڵاتانی دیکەی دنیای لە پشت بووە. لەبەر ئەوەی هەق لە عەقڵییەتی ئەواندا لە هێزەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەوا مافی کورد لەو سنوورەدا دیاری کراوە کە ئەوان ویستوویانە، نەک ئەوەی کە کورد خۆی دەیخوازێت. لە بەرامبەر ئەوەدا لایەنی کوردی لایەنی لاوازی کێشەکە بووە. هیچ دەوڵەتێکی ناوچەیی و جیهان داکۆکی لێ نەکردووە و لە ژێر فشاری دەوڵەتانی ئیقلیمیدا بووە. ناچار تا ئەو ڕادەیە داخوازیی نەتەوەیی هەبووە کە لەخۆی ڕادیوە داوای بکات. بۆیە هەموو ئەو دیسکۆرس (خیتاب)ە سیاسییانەی، بە درێژایی دەیان ساڵ و تا ئێستا، بۆ چارەسەری پرسی کورد خراونەتە ڕوو ناتەواو و تەماوی بوون، لە ناوەرۆکیشدا خۆدزینەوە و هەڵاتن بوون لە چارەسەرێکی عادیلانە و هەمیشەیی کێشەی نێوان گەلی باشووری کوردستان و دەوڵەتی عێراق.

ئەم حاڵەتە لە ماوەی دەیان ساڵدا، کولتوورێکی سیاسی و فەزایەکی سایکۆلۆژیی دروست کردووە کە لە ناوەرۆکدا لە هێز و دەسەڵاتەوە سەرچاوەیان گرتووە. مەترسی ئەم کولتوورە سیاسییە، واتا کولتووری زۆرایەتیی زاڵ و دەسەڵات، لەوەدایە کە بەیەک ئەندازە لای نەتەوەی سەردەست و لای نەتەوەی ژێردەست کار دەکات. لایەنە عەرەبییەکان، تەنانەت لەوپەڕی لاوازییاندا، هێشتا بە مافی خۆیانی دەزانن کە سنووری ماف و ئازادیی نەتەوەیی کورد دیاری بکەن، بەشێک یان هەموو خاکی کوردستان بە موڵکی خۆیان بزانن. لەمەیش ترسناکتر ئەوەیە کە لایەنی کوردی، تەنانەت لە تڕۆپکی سەرکەوتنیدا، کە دەوڵەتێک بە ناوی عێراقەوە نەماوە، هێشتا چارەنووسی خۆی لە چاوەڕوانیی دامەزراندنەوەی دەوڵەتی داهاتووی عێراقدا ڕاگرتووە. ناتوانێت وەک نوێنەری نەتەوەیەکی ژێردەستکراو چارەسەرێک بۆ پرسی خۆی داوا بکات، کە پشت بە یەکسانیی نەتەوەیی و پرینسیپی مافی ئازادیی گەلان، بە مافی سەربەخۆیی سیاسیشەوە، ببەستێت.

ئێستا پێوانەی پارسەنگی هێز لە واقیعدا هەرەسی هێناوە و دۆخێکی نوێی سیاسی خوڵقاوە کە خوێندنەوەی سیاسی نوێ و هەڵوێستی سیاسیی نوێ دەخوازێت. عێراق ئێمرۆ گەڕاوەتەوە بۆ سەردەمی دوای شەڕی یەکەمی جیهانی، بەڵام نابێت لەگەڵ خۆیدا کورد و پرسی کورد بۆ هەمان سەردەم بگێڕێتەوە. ئێمرۆ عێراق وەک دەوڵەت نە چەکی کیمیایی، نە چەکی ئابووری و دیپلۆماسیی بەدەستەوە ماوە. لە هەمان کاتدا هێزی هاوپەیمانان، نەک دەوڵەتی ناسیۆنالی عەرەبی عێراق، لە مەسەلە سیاسییە گرنگەکانیدا، لەوانە ئایندەی پرسی کورد، بڕیاردەرن. هێزی هاوپەیمانان چارەنووسی عێراق دیاری دەکەن، دوژمنانی گەلی کورد، دەوڵەتانی عەرەبی و ناوچەکە، دەستبەستراون و ناتوانن فشاری سیاسی، ئابووری و عەسکەری بۆ سەر باشووری کوردستان بهێنن. لە بەرامبەر ئەوەدا کورد خاوەنی شێوە دەسەڵاتێکی سیاسیی خۆیەتی و بەشێکە لە بەرەی سەرکەوتووانی شەڕ. کورد دۆستی زۆری لە جیهاندا بۆ پەیدا بووە و پرسی کوردیش ڕەوتێکی جیهانی گرتووە. بۆیە پێویستە پێوانەی هێز لە فیکری سیاسی و سایکۆلۆژیای لایەنە عێراقییەکان و، لە فیکری سیاسی و سایکۆلۆژیای لایەنە کوردییەکاندا، هەرەس بهێنێت. ئێستا ناتواندرێت و قبووڵیش ناکرێت کە مافی کورد بە پێی لۆژیکی هێز و یاسای جەنگەڵ دیاری بکرێت. ئەم دۆخە سیاسییە نوێیەی لە عێراق و باشووری کوردستاندا دروست بووە، دەرفەتێکی نوێ و دەگمەنی ڕەخساندووە تا پرسی کورد وەک گرفتێکی مێژوویی و وەک پرسی گەل و وڵاتێک، کە بە دوور لە ویست و خواستی خۆی بە عێراقەوە لکێندراوە، بخرێتە ڕوو. بە جۆرێکی عادیلانە و بە پێی پرینسیپی مافی گەلان لە بڕیاردانی چارەنووسی خۆیان، چارەسەر بکرێت.

گەلی کورد ستەمێکی نەتەوەیی هەشتا ساڵەی لێکراوە. تووشی جینۆساید و کیمابارانکردن بووە. بۆیە دەبێت، وەک هەر گەلێکی دیکەی ستەملێکراو، ڕێگای پێ بدرێت کە ببێتە دەنگ و ئازادانە قسەی خۆی بکات، ئازادانە بڕیار بدات کە چ شێوە ژیانێک و کام ڕێگای چارەسەر و کام گەرەنتی بە باش دەزانێت تا لە داهاتوودا تووشی

ستەمی نەتەوەیی و جینۆساید نەبێتەوە. دەبێت خۆی، لە ڕاگیرییەکی گشتیدا، چارەنووسی سیاسی و نەتەوەیی خۆی بڕیار بدات؛ ئایا ئەم گەلە دوای ئەنفال و جینۆسایدکرانی، لە لایەن دەوڵەتی عەرەبیی عێراقەوە، ئامادەیە و دەتوانێت لەگەڵ ئەو وڵاتەدا بمێنێتەوە، یان نا؟ من لەو باوەڕەدام کە ئەگەر کورد پێ لەسەر ئەم داخوازییەی دابگرێت نە ئەمریکا و هاوپەیمانانی، نە وڵاتانی یەکێتیی ئەوروپا پێشی پێ دەگرن.

بەڵام ئەگەر کورد، لەبەر فشاری دەرەکی، یان بە هۆی سیاسەتی هێزە سیاسییەکانییەوە ناچار بکرێت تا سەردەمێکی دیکە لەناو چوارچێوەی عێراقدا بمێنێتەوە، پێویستە ئەم مانەوەیە، بە مانای زەوتکردنی مافی ڕاگیری نەبێت لە خەڵکی کوردستان. لە هەمان کاتدا نابێت باشووری کوردستان، کە دوانزە ساڵە بە جیا لە عێراق، ڕەوشی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتووریی خۆی دەبڕێت، تێکەڵی عێراق بکرێتەوە. پەیوەندیی نێوان کوردستان و هەرێمی عەرەبی عێراق دەبێت بەپێی ڕێکەوتننامە و کۆنتراکتێکی سیاسیی نێوان نوێنەرانی هەردوولا بێت، کە بە هۆیەوە دەسەڵات و سامان و داهاتی عێراق یەکسانانە لە نێوان هەردوو هەرێمی عێراقدا دابەش بکرێن.لە هەمان کاتدا ئەگەر لایەنی عەرەبی عێراقی، ڕۆژێک لە ڕۆژان، ئەم ڕێکەوتننامەیەی پێشێل کرد دەبێت ئەو کاتە کورد مافی هەبێت لە عێراق جیا ببێتەوە. هەروا پێویستە ئەمریکا و هاوپەیمانانی، یان نەتەوە یەکگرتووەکان، سەرپەرشی و چاودێری ڕێکەوتننامەکە بکەن. ئەزموونی لکاندنی باشووری کوردستان بە عێراقی عەرەبییەوە دەبێت لە بیر نەکرێت. دەوڵەتی عێراق کاتی خۆی کۆمەڵێک بەڵێنی سەبارەت بە ڕێزگرتنی مافە نەتەوەییەکانی کورد لە عێراقدا، بە کۆمەڵی نەتەوەکان دا، بەڵام بە درێژایی مێژووی دەوڵەتی عێراق، هیچ حکومەت و دەوڵەتێکی عێراق بەڵێنەکانیان جێ بەجێ نەکرد. کورد بەپێی ئەزموونی هەشتا ساڵەی خۆی لەگەڵ دەوڵەت و حکومەتە جۆراوجۆرەکانی عێراق و، لە ئەنجامی شەڕی جینۆساید و وێرانکردنی کوردستاندا مافی خۆیەتی بڕوا و متمانەی بە دەوڵەت و هێزەسیاسییەکانی عێراق و خەڵکی عێراق نەبێت.

عێراقێکی نوێ و دیموکرات ئەگەر بە ڕەسمی مافی خۆبڕیاردانی چارەنووسی نەتەوەیی بۆ کورد نەناسێت، ئەگەر نەتوانێت یەکسانبوونی نەتەوەیی لە نێوان هەردوو گەلی عەرەب و گەلی باشووری کوردستاندا، بە مافی سەربەخۆیی سیاسییشەوە، دەستەبەر بکات ئەوا مانایەکی نابێت و گریمانەی بەرهەمهێنانەوەی کولتووری ستەم و شەڕ و ڕەگەزپەرستی هەر دەمێنێت.

2003-5-6